زانایانە ژیا و بەشەهیدی گەڕایەوە
لای الله تعالى

الشيخ سليمان بن عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب

نووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی
ئامادەکردنی : سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

ناونیشانی نامیلکە

زانایانە ژیا وبەشەهیدی گەڕایەوە لای الله تعالى

شێخ سولەیمان ـی کوڕی عبداللە

نووسراوی

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٧ هیجری

بِسۡمِ اللّٰهِ الرَّحۡمٰنِ الرَّحِيمِ

زانایانە ژیـا وبەشـەهیدی گەڕایەوە لای الله تعالـی (ان شاء الله) :

شـێخ سولەیمان ـی کوڕی عبدالله کوڕی شیخ محمدی کوڕی عبدالوهـاب لەشاری درعیە لەسـاڵیٚ 1200 ـی کۆچی لەدایکبوو لـەکۆتا ڕۆژەکانـی باپیرـدا (شێخ محمدی کوڕی عبدالـوهاب) بۆیەش دەرفەت ـی ئەوەی بۆنەڕەخسا لەلای باپیری دەرس بخوێنێت بەڵام لـەماڵێکی پڕ لەزانسـت وپڕ لەتەقوا و چاکەکاری پەروەردەبـوو هەرلەمنداڵیەوە لەسەر زانسـت وتەقـوا پەروەردەکـرا وە لەوساتەشـدا درعیە لوتکەی زانست وزانایان بوو بۆیە ئەم ژینگە زانستیەی شێخ سولەیمان تێیدایە ئەبێت بەپاڵـنەرێـکی چاک بۆی بۆگەڕان بەدوای زانست تەنانەت بەهیچ شتێکەوە خۆی سەرقاڵ ناکات تەنها زانست نەبێت بەجۆریٚ هێندە خووی یا بەزانسـت فێربون پێش هاوڕیٚ وهاوتەمەنەکانی خۆی کەوتەوە لەزانسـت ـی شەرعیدا ولەماوەیەکی کەم ـدا ئاستێکی بـاڵای بەرزی بەدەست هێنا.

لەدیارترین مامۆستاکان ـی شێخ سولەیمان ئەمانەن :

١ - بـاوکی خۆی واتا شێخ عبداللە ـی کوڕی شێخ محمد عبدالوهاب.
٢ - مامی خۆی واتـا شێخ حسین ـی کوڕی شێخ محمد عبدالوهاب.
٣ - شێخ ـی پایەبەرز حمد بن معمر.
٤ - شێخ عبدالله بن فاضل.
٥ - شێخ عبدالرحمن بن خمیس.
٦ - شێخ حسین بن غنام.

٧ - شێخ محمد بن علی شەوکان ـی ئیجازەی یاوەتـێ.
٨ - شێخ حسن بن خالد ئەم شێخەش ئیجازەیان یاوەتێ.
کەئەمەش دەقـی ئیجازەکەیە :
(هذه إجازة للشيخ الإمام سليمان بن عبد الله محمد بن عبد الوهاب التميمي النجدي من الشيخ الإمام الحسن بن خالد الشريف الحسنى أجازه أن يروي عنه دواوين الإسلام الستة صحيح البخاري وصحيح مسلم..ألخ).

ئەمە موٚڵەت وئیجـازەیە بوٚ شێخ ـی ئیمام سولەیـمان ـی کوڕی عبدالله کوڕی محمدی کوڕی عبدالوهاب تەمیمی نەجدی لەلایـەن شێخ ـی ئیمام حسن بن خالد شەریف حەسەنی موٚڵەت ـی یاوەتێ کەلەشەش دیوانەکەی ئیسلام ڕیوایەت بکات وبگێڕتەوە صەحیح ـی بوخاری وصحیح مسلم ...هتد).

شـێخ عبدالله بەسام ئەڵێت شێخ محمدی کوڕی ابراهیم ال الشیخ بوٚی گێڕاەوە وتـی : شێخ سولەیمان لـەگەڵ هـاوڕێکانیـدا چونە دەرەوە بـوٚیەکێـک لەباخەکانی درعیە تاقیان کردەوە کـەداری کاڵەک لەداری کولەکە جیاکاتەوە بەڵام نەیتوانی جیایان بـکاتەوە هەروەهـا کـەسانی متمانە گێڕاویانەتەوە لێیەوە کەشێخ سولەیمان وتویەتـی ناسـینم بوٚ پیـاوانی فەرموودە (پیاوانی سـەنەد) زیاترە لـەناسـینم بەپیاوانی درعیە.

مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم ئیمامە بەڕێزە بەوتەمـەنە کەمە هێندە خووی بەزانسـت و علم ـی شەرعی یابوو تەنانەت لەبابەتە دوونیایەکان نەیئەتوانی داری کاڵەک وکولـەکە لێک جیـاکاتەوە ئەمەش ئەوفەرموودەیەی پێغەمبەری بیر

هێنامەوە صلى الله عليه وسلم کەبەهاوەڵان ی فەرمووە : « أنتم أعلم بأمور دنياكم » ابن خزيمه ئێوە لەکاروباری دوونیاکەتاندا شارەزاترن.

ئەم زانابەڕێزەش کەشاخێک بوە لەزانست بەهۆی سەرقاڵی بەزانستەوە شارەزای لەشتە دوونیایەکان بەدەست نەهێناوە چونکە زانست ی قیامەتی هەڵبژارد بەسەر زانست ی کاروباری دوونیادا.

شێخ سولەیمان لێهاتوو بوو لەزانستەکان ی تەفسیر وفەرموودە وناسینی پیاوان ی سەنەد و ئصول وفیقهدا وشارەزا لەزمان ونەحو وصەرف و خاوەن دەست وخەتێکی بێ وێنە لەجوانیدا خاوەن مێشکێکی تیژ وزیرەک لەلەبەرکردن دا وفەرمانکار بەچاکە وڕێگری کار لەخراپە ونەئەترسا لەلۆمەی لۆمەکاران ئەم زانا بەڕێزە لەژیانیدا چەند کارێکی گرتبوە ئەستۆ لەدەوڵەتی ئیسلام ی سعودیەی یەکەم لەوکارانەش پۆستی دادوەری شەرعی لەشاری مەککە لەسەر داوای ئیمام سعودی کوڕی عبدالعزیز.

دوای ئەوەی دەوڵەتی سعودی یەکەم ڕوخێنرا لەلایەن عوسمانیە تورکیە یاسادانەرە و گۆڕپەرستە ئەشعەریەکان بەسەرکردایەتی ابراهیم پاشا.

ابن بشر لەباسی ڕووداوەکانی ساڵی 1233 ی کۆچیدا ئەڵێت : لەکۆتای ئەم ساڵەدا شێخ سولەیمان ی کوڕی عبدالله ی کوڕی شێخ محمد عبدالوهاب کوژرا ئەویش بەوشێوەیە بوو کاتێک ابراهیم پاشا لەگەڵ خەڵکی درعی ڕێکەوت سیخوڕەکان ی ابراهیم پاشا ودووڕووەکان نەجد لەدەورری کۆبونەوە درۆ وبوهتانێکی یەکجار زۆریان بۆشێخ سولەیمان هەڵ ئەبەست

وناویان زڕاند لەلای ابراهیم پاشا بەستەم وناهەقی بۆیە ابراهیم پاشا فەرمانیکرد شێخ سولەیمان بهێنن ودەستگیری بکەن وفەرمانیکردن مۆسیقە ژەنەکان مۆسیقا بژەنن ولەبەرچاوی شێخ سولەیمان گۆرانی ومۆسیقا لێ بەن بۆئازاردان ـی دەروونی شێخ سولەیمان و سوکایەتی پێکردن ـی پاشان بردیان بۆگۆڕستان بەژمارەیەکی زۆری سەربازەوە ابراهیم پاشا فەرمانی کرد بەسەربازەکانی کەوا هەموویان ڕووی چەکەکانیان بکەن لەشێخ سولەیمان بەهەموویانەوە گـولەبارانـی بکەن دوای ئەوە گۆشتەکەی بەپارچە پارچەکراوی کۆکـرایەوە.

کـاتێـک شیخ سولەیـمان کوژرا الله تعالـی بەشەهیدی وەرگرێت ابراهیم پاشـای طاغی بەشێخ عبدالله ـی باوکی شێخ سولەیمان ـی وت (ئەوە کوڕەکـەتمان کوشـت ئەی پیرە پیـاو) شێخ عبدالله رحمه الله تعالـی فەرمووی ئەگەر تۆ نەشتکوشتایـە خۆی هەر ئەمرد.

شـێخ گەڕایەوە لای الله تعالـی هیچ منداڵـێکی لەپاش خۆی جێ نەهێشـت واتـا ئەم زاناگەورە وکەڵـە پیاوە خۆڕاگرەی ئیسـلام هەموو تەمەن ـی 33ساڵ بـوو بەڵام لەوماوەی تەمـەنەیـدا هەمووی بەگەڕان بۆزانسـت وجیهاد ونوسینەوەی عەقیدە تەرخانـکرد شێخ خـۆی گەڕایەوە بۆلای الله تعالـی بەڵام کۆمەڵێ گەوهەری بەمیرات بۆموسـڵمانان ـی دوای خۆی جێهێشـت کەهەریـەکێک لەئێمە پشـکێک لەومیراتەی شـێخ بەرمان کەوتوە بەفەزڵ ومنەت ـی الله تعالـی وهەریـەک لەئێمە بەناڕاستەوخۆ قوتابیـەکین لەوقوتابخانە ئیمان ـی وتەوحیدیەی شـێخ ـی پایەبەرز تێیدا مامۆستا و ڕێ پیشـاندەرمـان وچاوساغ ـی ڕێگەمـانە.

لەنوسـراوە بەنرخەکان ی ئەم زاناگەنجە بۆالله صولّحاوە کەبڕواناکەم هیچ موەحیدێکـی طالب علم هەبێت نوسراوی ئەم شێخەی نەخوێندبێتەوە.

لەنوسـراوەکان ی :

١ - تیسر العزیز الحمید شرح کتاب التوحید کـەفریا نەکەوت هەمووی تەواو بکات لەباب ی ماجاء فی المصورین وەستا حەوت باب ی تری مابوو تەواوی بکات شـێخ عبدالرحمن ی کوڕی حسن بۆی کامل کرد لەکتاب ی فتح المجید شرح کتاب التوحید.

٢ - الدلائـل فی حکم موالاة اهل الاشـراك (کتێبێکی بـەناوبانگ وناسـراوە لـەناو ئەهلی تەوحیـد).

٣ - اوثق عری الإیمـان.

٤ - التوضیح عن توحیـد الخلاق (ئەمە ڕاجیاوازیەکی لەسەرە ئایا کتێب ی شێخ سولەیمانە یـاخود کتێبی شێخ محمد بن علی غەریب ە کەزاوای شێخ محمد ی کوڕی عبدالوهاب بـوو بەڵام مەشهور ئەوەیـە لەناو فێرخوازان ی زانست کەدانراوی شێخ سولەیمـانە).

٥ - فتاوی ورسائل (رسائل علماء الدعوة).

٦ - حاشیة النفسیة المفیدة علی المقنع (مطبة المنار).

الله تعالـی لەشێخ ی قبوڵکردبێت وگەیاندبێت ی بەکاروان ی شەهیدان وئەو فەزڵ وڕێزە ببەخشـێت بەشێخ ی خۆشەویستمـان و لەهەمان فەزڵ وڕێز ئێمە وموسـڵمـانان بێ بەش نەکـات.

والحمدلله رب العالمین